# هەواڵەکانی کوردستان

## حوکمی ١٨ مانگ زیندان بۆ کەسێکی سنەیی

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان نیوز، هەڵسووڕاوێکی کوردی خەڵکی شاری سنە بە ناوی ساعد بەنەفشی کوڕی خالید لەلایەن دادگای رژیمەوە بە ١٨ مانگ زیندان مەحکوم کراوە.
ناوبراو کە تێستا لە زیندانی سنەدایە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەلایەن دادگای رژیم لە شاری سنە بە زیندان مەحکوم کراوە.
شایانی باسە پەروەندەی قەزایی ساعد بەنەفشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٨٥.

***

## نارەزایەتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە دەرکردنی حوکمی ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیندراوێك، نارەزایەتی خۆی لە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ فەرزاد کەمانگەر دەربڕی و داوای لە بەرپرسانی ڕژیم کردوە کە ئەو حوکمە بەڕێوە نەبەن.
لە بەشێك لەو ڕاگەیندراوەدا هاتووە: فەرزاد کەمانگەر مامۆستای مەدرەسە و خەڵکی کوردستانە و بە تاوانی کاری تێکدەرانە، کە ئەو تاوانە کەسانێك دەگرێتەوە کە کاری چەکداری دەکەن، ئێعدامی بە سەردا سەپاوە. هەروەها هاتووە کە وێ دەچێ عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی یش حوکمی ئێعدامیان بە سەردا بسەپێندرێ.
هەروەها هاتووە کە فەرزادی کەمانگەر لە زیندان گەلێك ڕاگیراوە کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ دەرەوەی زیندان نەبووە و لە زیندانەکانی کرماشان، سنە و تاران بووە و بە لێدان و لە برقدان شکەنجە کراوە کە بەو هۆیەوە بەردەوام دەست و پێی تووشی لەرزین بووە.

***

## حوکمی زیندان بۆ دوو خوێندکاری زانکۆی کرماشان

ڕژیمی ئاخوندی لە کرماشان لە دادگاییکی نهێنی دا، دوو کەس لە هەڵسووڕاوی خوێندکاری زانستگای ئەو شارەی بە ناوەکانی پارسا کرمانجیان و عەلی ڕەزا حەیدەری، بە زیندان مەحکوم کرد.
ئەو دوو خوێندکارە بە تاوانی پروپاگەندە دژ بە ڕژیمی ئاخوندی هەر یەکە و بە ساڵێك زیندان مەحکوم کراون کە ٥ مانگی ئەو حوکمە دەبێ لە زیندان و ئەگەر سەرپێچی دیکەیان لێ ڕوو بدات دەبێ ٥ ساڵ زیندان بن.
پارسا کرمانجیان و عەلی ڕەزا حەیدەریان دوای ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی خوێندکار لە ڕیزی ئەو خوێندکارە هەڵسووڕاوانەن کە ماوەیێك لە زیندانی تاکە کەسی سپای پاسداران بوون.

***

## دە هاووەڵاتی بۆکانی بۆ دادگا بانگ کران

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان نیوز، دادگای ڕژیم لە شاری مەهاباد دە هاووەڵاتی بۆکانی بە ناوەکانی مستەفا نادری، حسەین شاوێردی، تاهیر کەریمی، نادر بایەزیدی، ئیبراهیم ئیسماعیل پوور، خالید خداکەرەمی، عەلی ڕەسوڵ نژاد، ئیسماعیل ئەدیب حسامی، ناسر حاجی پیرۆتی و محەممەد کەریمی بانگ کردە دادگا.
تاوانی ئەو کەسانە کۆبوونەوەی ناقانوونی لە ڕێگەی بەڕێوە بردنی ڕێ و ڕەسمی مەزهەبی شەوی قەدر لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ڕابردوو ڕاگەیندراوە.
بە پێی ئەو نامەیەی بە دەستی ئەو کەسانە گەیشتووە، دەبێ سەعات ٩ی ڕۆژی یەکشەمە ٥ی جۆزەردان، لە دادگای ڕژیم لە شاری مەهاباد ئامادە بن.
شایانی باسە کە ئەو کەسانە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ڕابردوو لە کاتی بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسمی شەوی قەدر لە شاری بۆکان لەلایەن هێزی لیباس شەخسی گیران و دوای ماوەیێك بە دانی زمانەت ئازاد کران.

***

## دەرکردنی حوکمی زیندان بۆ هەڵسووراوێکی کورد

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان نیوز، دادگای ڕژیم هاووەڵاتییێکی خەڵکی ورمێ بە ناوی مستەفا دەرویشی بە زیندان حوکم داوە.
ناوبراو کە تێستا لە زیندانی مەهاباد بە تاوانی ئەندام بوون لە یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەلایەن دادگای ڕژیم لە شاری مەهاباد بە دوو ساڵ و سێ مانگ زیندان مەحکوم کراوە.
شایانی باسە ئەو حوکمە ساڵی ١٣٨٤ کۆچی خۆری، و بە بێ ئامادە بوونی مستەفا دەرویشی لە دادگا دەرچووە.

***

## کوژرانی گوماناوی کەسێکی بانەیی

ڕۆژی یەك شەمە ٥ ی جۆزەردان عبداللە پەناهی خەڵکی ناوچەی بانە و خوشکەزای شەهید عومەری فەرجی کە یەکێکە لە شەهیدە سەر بەرزەکانی سازمانی خەبات بە شێوەییێکی جێگەی گومان و نادیار کوژراوە و تەرمەکەی لە کێوی (قەرج دابان) لە نیوان مەریوان و بانە دۆزراوەتەوە.
گومان لەوە دانیە ڕژیمی ئاخوندی و دەست و پێوەندەکانی لە کوژرانی کوێرانە دەستیان هەیە و کوژرانی عەبدوڵا پەناهیش لە کردەوە دڕندانەکانی ئەوانە.
سازمانی خەبات سەرەخۆشی و پەژارەی خۆمان بە خانەوادەی عەبدوالله پەناهی ڕادەگەیێنن.

***

## کەسێکی مەهابادی حوکمی زیندانی بە سەردا سە پێندرا

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان نیوز، دادگای ڕژیم لە شاری مەهاباد، هادی ئەمینی خەڵکی دێی کانیە ڕەشی بۆکانی بە ٥ ساڵ زیندان مەحکوم کردوە.
ناوبراو زیاتر لە ٧ مانگە لە زیندانی شارەکانی مەهاباد، سەردەشت و ورمێ گیراوە و لەلایەن دادگای ڕژیم لە مەهاباد بە تاوانی ئەندامی یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان بە ٥ ساڵ زیندان مەحکوم کراوە.
شایانی باسە قامکەکانی هادی ئەمینی لە سەختی زیانی بینیوە.

***

## خەڵکی شاری سنە دژ بە سەفەری ئاخوند شاهرودی بۆ ئەو شارە تەزاهوراتیان ڕێ خست

خەڵك و خانەوادەی زیندانیە سیاسیەکانی شاری سنە بە دانی شیعار لە دژی ڕژیم دیداری ئاخوند شاهرودی سەرۆکی قوەی قەزائیەی ڕژیمیان لەو شارە تێك دا.
بە پێی هەواڵەکان ئاخوند شاهرودی کە لە مزگەوتی جامیعەی ئەو شارە قسەی بۆ خەڵك دەکرد خانەوادەی زیندانیە سیاسیەکان و بەشێکی زۆر لە خەڵك بە دانی شیعار لە دژی ڕژیم و سەرانی، قسەکانیان پێ بڕی.
لە ترسی ئەو سەرهەڵدانە هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم ڕژانە شوێنەکەو دەستیان کرد بە لێدان و ئازار دانی خەڵك و خەڵکێکی زۆریشیان گرتوە.
ئیسکۆرتەکانی ئاخوند شاهرودیش زۆر بە بێ ڕەحمانە هێرشیان بردە سەر خەڵك و بەتایبەت لە ژنانیان داوە.

***

## ئاخەرین بەرگری سێ زیندانی کورد

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد، ڕۆژی چوار شەمە ١ی جۆزەردانی ١٣٨٧، بەختیار ڕەحیمی، کەریم داتوپر و سامان ئەحمەد ڕەشید، بانگ کرانە لقی تایبەتی ئەمنییەتی دادگای ڕژیم لە تاران و ئاخرین بەرگری خۆیان دا بە لێپرسراوانی ئەو بەشە.
ئەو ناوبراوانە بە هەنگاونان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی، و هەواداری لە هێزێکی چەپ و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان، تاوانبار کراون.
شایانی باسە ئەم سێ زیندانیە لە کۆتایی مانگی ڕەزبەری ساڵی ڕابردوودا گیراوون و دوای هێشتنەوەی سێ مانگ لە زیندانی تاکە کەسی لە ئیتلاعاتی سنە، گوازراونەوە بۆ بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئەوین لە تاران و ڕێکەوتی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ گوازراونەوە بۆ بەندی ٧ و ٨ ی گشتی زیندانی ئەوین.

# سەردانی پارتی یەکێتی کوردی سوریا پێوەندییەکانی سازمانی خەبات لە سلێمانی

سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٥/٢٢ شاندێکی پارتی یەکێتی کوردی سوریا بە سەرۆکایەتی بەڕێز عەبدولباقی یوسف ئەندامی دەفتەری سیاسی سەردانی بارەگای پێوەندییەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیان لەشاری سلێمانی کرد و بە گەرمی لەلایەن بەڕێز سەید کامیل چاپاش بەرپرسی پێوەندیی سلێمانی و بەکر نادری کادری پێوەندییەکان پێشوازیان لێکرا. لەو دانیشتنەدا کە ٢ سەعاتی خایاند لەسەر چەندین تەوەرە وەك ڕەوشی ناوچە و جیهان و بارودۆخی کوردان و وەزعیەتی ڕژیمەکانی سوریە و ئێران و مەوزووعی تەبایی و یەکێتی نێوان هێز و لایەنە سیاسیە کوردییەکان ئالۆگۆڕی بیروڕا کرا و لەسەر زۆربەی باس و تەوەرەکان هەردووك لایەن هاوبیر بوون. لەکۆتایی ئەو دیدارە دا باس لەوە کرا کە پێوەندییەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و پارتی یەکێتی کوردی سوریا قوولتر و پتەوتر بکرێ و دوو لایەن هاوکارییان لەگەڵ یەکدی هەبێ.

## ئەمریکا و بریتانیا ووریاییان دا کە فشارەکان بۆ سەر ڕژیم زیاتر دەکەن

کاندولیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و دیوید میلیبد وەزیری دەرەوەی بریتانیا، ووریاییان بە ڕژیمی ئێران دا کە ئەگەر ئاشتی خواز بوونی بەرنامەی ناوکەیی خۆی نەسەلمێنێ لەگەڵ ئابلۆقەی زیاتر بەڕەو ڕوو دەبێ.
هەر دوو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بریتانیا ووتیان، پێویستە ڕژیمی ئێران دەست لە سەرەڕۆییەکانی هەڵگرێ، بەڵام ئەگەر بیهەوێ بە پێچەوانەوە هەنگاو هەڵگرێ، ئەو کات لەگەڵ دژکردەوەی ئەنجومەنی ئاسایش و تەنبێ یانەی هێنندێ لە وەڵاتانی دیکە بەڕەو ڕوو دەبێ.
کاندولیزا رایس کە هاوڕێ لەگەڵ دیوید میلیبد لەگەڵ هەواڵدەریەکان قسەی دەکرد، گوتی: ئەگەر ڕژیمی ئێران ئەو بەستەی پێشنیهادە کە شتێکی گونجاو و باشە قەبوڵ نەکات ئەوە لەگەڵ بەرەییێك کە لە وەڵاتان و لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایش هەڵدەسووڕێن بەرەو ڕوو دەبێت.

## پەرەسەندنی گرانی لە ئێران

ڕۆژنامەی (تاران) هەواڵێکی لە سەر زیادبوونی گرانی بڵاو کردۆتەوە نووسیویە نرخی تایبەتی جل شۆڕی گەیشتوەتە ١٢٠٠ تمەن.
ئەو ڕۆژنامە بڵاوی کردۆتەوە، لابردنی هاوکاری (یارانە)ی دەوڵەت لە سەر تایبت بۆتە هۆی بەرز بوونەوەی نرخەکەی و لە هەمان کاتدا ئەو کەسانەی کە ئاگاداری بڕیارەکانی دەوڵەتن، بە شاردنەوەی تۆزی جل شتن (تایبد) بونە هۆی گران بوونی.
ئەو ڕۆژنامە نووسیویە وەزیری بازرگانی هەواڵی ئەو گرانیەی بە درۆخستۆتەوە ڕۆژنامەی تاران لە زمان وەزیری بازرگانی بڵاو کردۆتەوە نرخەکان بەرز بوونەوە و ناوەندی چاودێری بە سەر بەهەم هێنانی تایبد، ئاگایان لە نرخەکان هەیە.
ئەو ڕۆژنامە نووسی ئەو قسانەی وەزیری بازرگانی ئەوە دەگەینێ کە وەزیر ئاگای لە وەزعی بازار نیە.

# بەشداری هەیئەتی سەرکردایەتی سازمانی خەبات لە ڕێ و ڕەسمی ٣٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی لە شاری سلێمانی

ئێوارەی ڕۆژی سێ شەمە ١٤ی جۆزەردان، بە ئامادە بوونی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ و بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نوێنەری هێز لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ژمارەییێکی بەرچاو لە هاووەڵاتیانی کورد، ڕێ و ڕەسمی ٣٣ هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە هۆڵی هونەر، کە هۆڵێکی هاوچەرخ و گەورەیە و لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا بە ڕەسمی کرایەوە بەڕێوە چوو.
لەو مەراسەمدا، سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ ووتارێکی بە زمانی عەرەبی پێشکەش بە ئامادە بوان کرد و بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ووتاری خۆی بەو بۆنەوە پێش کەش کرد.
هەروەها چەندین ووتار لەلایەن نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیەکان پێش کەش کرا.
هەیئەتی سازمان کە بە ڕەسمی بۆ ئەو مەراسمە دەعوەت کرابوون، پێك هاتبوون لە بەڕێزان کاك بێهرۆز ئەردەلآن و کاك محەممەد محەممەدی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سازمان بەشداری ئەو ڕێ و ڕەسمە بوون و پیرۆزبایی سازمانی خەبات یان پێش کەش بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.

## بەشداری کۆمیتەی کانادای سازمانی خەبات لە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ڕۆژی یەکشەمە ١٩ی جۆزەردان، کۆمیتەی کانەدای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبۆنەی ٣٣ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کۆڕێکی لە وەڵاتی کانەدا بەڕێوەبرد کە ژمارەییێك لە نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ئامادەی ئەو ڕێ و ڕەسمە بوون.
خۆشکە تابان لەلایەن کۆمیتەی سازمانی خەبات کە بە ڕەسمی بانگهێشتی ئەو ڕێ و ڕەسمە کرا بوو پەیامی کۆمیتەی سازمانی پێش کەش کرد.

# پشتیوانی سێ ملوێن و نیو لە شێعەکانی عێراق لە سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران

ژمارەییێکی بەرچاو لە سەرۆك عەشیرەتەکانی عێراق کە ئیمزای سێ ملوێن و نیو خەڵکی شیعەی عێراقیان پێ بوو لەگەڵ نوێنەری ١٣٥ حیزب و ڕێکخراوی فەرهەنگی و مافی مرۆڤ چوارەمین کونگرەی هاوپشتی خەڵکی عێراقیان لە شاری ئەشرەف بەست و داوای داخستنی سەفارەت و کونسولەکانی ڕژیمی ئاخوندیان لە عێراق کرد.
کونگرەی چوارەمی هاوپشتی خەڵکی عێراق، هەروەها پشتیوانی خۆیان لە سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران دەربڕی و داوایان کردوە بە زووییی سازمانی موجاهیدین لە لیستەی تڕۆریستی بهێندرێتە دەر.
هەواڵی ئەو کونگرەیە لەلایەن ڕاگەیێنە گرینگە جیهانیەکان، بایەخی پێ دراوە و بە بەرینی هەواڵ و ڕاپۆرتی جۆراوجۆری لە سەر بڵاو کراوەتەوە. بێ شك ئەو کونگرەیە ئاکامی گرینگ و بەرچاوی بۆ مقاومەتی ئێران بە دواوە دەبێ، و هەروەها ڕژیمی ئاخوندی ئێران و بەکرێگیراوانی لە عێراق زیاتر داماو و ڕیسوا دەکا.